# غەمگین ترین پیاو

حەمەشوان شەریف
2007
Hamashwan1@hotmail.com



ئەو شەوەی تۆ بگریایتا یە ، باران نەدەباری ،
بۆ بەیانی هەتاو لەماڵ نەئەهاتە دەر
هیچ دڵدارێک ژووانێکی بۆ بینین دا نە دەنا .

لە ژێر چڵی درەختێکی ئەم ژیانەدا
لە ناو تەنیاییدا
دەگەوزایی بێ هیوا ،
بە چرایەکی شکاوەوە
سپی و پیردەهاتیتە بەرچاو ،
هەتاو کچێکی شەلی دەزگیرانی مردنت بوو ،
ڕەشەبایەک تا دەهات
دارچوالەکانی ڕووانینتی زەرد دەکرد ،
ئاخێک ،
بەفری لەشتی دەتوواندەوە
ئێوارەیەک بەلەشی خۆیەوە لەخاچی دەدایت و
گوڵێک
کە دڵتەنگ دەبوو تۆی بەئێخەیدا هەڵدەواسی .
ئەستێرەکان کە کازێوە هەڵیدەکرد
لە گیرفانی هەژاری تۆ دا نەبووایە
نەدەنووستن ،
ئەو شەوەی تۆ بگریایتا یە
باران نەدەباری
بۆ بەیانی هەتاو لەماڵ نەئەهاتە دەر
هیچ دڵدارێک
ژووانێکی بۆ بینین دا نە دەنا ،
کۆڵانەکانی شار
مات دەبوون و مانیان لە پیاسەکەران دەگرت

تا بەسەر شۆستەکانی دڵیاندا گوزەر نەکەن ،
ئاوێنەکانی شار
پۆخڵەواتی مرۆڤایەتیان لەسەررەفەکان بەجێدەهێڵا
لەسەر یەکێک لە ڕەفەکانی ماڵی عاشقێک
ئاوێنەیەک
لەسەر گەڵایەکی زەرد ئەمەی بەجێهێڵا بوو ، /
(ئێمە وەک کۆمەڵەی ئاوێنەکانی شار
ماندو بووین لە درۆکانتان
هەراسان بووین لە زبری دڵی کرمۆڵتان
پێکەنینتان بە گریان دەخوێنینەوە
گومان مان هەیە لە هەناسەتان
گومان مان هەیە لە پیاوەتی و ژنایەتی
،ت ،ی ،ت ا ، ن ،
گومان مان هەیە لەو ژنانەیی دەبنە ژنی چوارەمی پیاو .
لەبەر پەیڤی ڕاستی یەکانتاندا
خەندە دەمانگرێ و بە بزەوە بۆ تان دەڕوانینن ،
کە دەزانیین
ئەو پەیڤانەتان بەردێکە و ماڵێکی بە درۆ هەڵچنیوە و
شارێکی لە دومەڵ پێکهێناوەو
ئەو دومەڵانەش بەزیان بۆتان
دەدەقێتەوە و دەبێتە زریانێک لە جەراعەت ،

ئەی مرۆڤایەتی ... ،
شێرێکی دڕندەوە و ڕوخساری تۆم بۆ لەیەکتر جیاناکرێتەوە ،
ئومێدم خوێنی لێدەچۆڕێ و
نیگام گەڵاکانی ژێر بەفری ئێوارەیە کە
تاریک لە بینینتان
لەوە ئەچێ لەتەکەی تری سێوەکەی ئەم دونیاشتان خواردبێ
بۆیە
لەو دنیاش بوون و لەم دونیاش ،. ) .
_ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _

ئەی غەمگین ترین پیاو ،

به له شی شکاووته‌وه ده ته‌وێ نیشانی ده‌یت
ئاره‌زوو ده‌که‌یت به پێوه‌وه بمریت و
به خۆزگه‌کانت گوڵ له سه‌ر به‌رده‌کان بڕوێنێت !
که‌نازانیت
ژیان ئه‌وه‌نده‌ی نه‌ماوه لامان بمرێت
بۆنی زۆنگاوه‌کانی خوێن دڵته‌نگی پێهه‌ڵچنیوه و
مه‌لوول مه‌لوول ده‌گریه‌و ژیرنابێته‌وه ،
که ده‌تبینم
تریفه به‌خۆتدا ده‌یت و
با به به‌زه‌یوه‌وه داتده‌پۆشی و
بووکه شوشه‌ی کچه‌نه‌شمیله‌که‌ت
له سه‌ر سه‌رینه‌که‌ت
چاوی کردۆته‌وه و
به چاوه شووشه‌یکه‌یه‌وه بۆت ده‌ڕوانێ و
به‌دڵ .
دڵته‌نگترین ئاوازت بۆ ده‌چڕێ
تا ..
تۆی پاکترین هه‌ڵۆ ی بێنێچیر
له ناو ته‌نیایدا به سێبه‌ره‌که‌ته‌وه بلکێت و
ئاسمان ببێته یه‌کپارچه له وێنه‌ی ئه‌و دولبه‌ره‌ی
قڵیشی کردۆته برینه‌کانت و
ته‌مه‌نێکی سنه‌وبه‌ر ی پێبه‌خشیویت
بۆ بارینی به‌فر و خه‌م
له‌سه‌ر شان و له شی مزرت بێ فڕین ،
ئه‌و ده‌مه ،
من ، دێم
منی په‌یکه‌رێک له گریان
به‌سه‌ر تۆ سنه‌وبه‌ر و بووکه شووشه‌ی کچکه‌تدا
هه‌موو ژووره‌که‌تان
پڕ پڕ ده‌که‌م له‌باران .